# بەروبوومی کشتوکاڵ لە کوردستان کۆندا لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا

**فەرهاد عبدالباقی صلاح [١] کامران محمد جلال [٢]**

[١] بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

کوردستان بە کۆنترین ناوچە لە جیهان دادەنرێت کە کشتوکاڵی تێدا کراوە، دەستپێکردنی کشتوکاڵ  بە یەکەم شۆڕشی ئابووری دادەنرێتکە مرۆڤ دەستی پێکردووە،  بە هۆی ئەم شۆڕشەوە ژیانی مرۆڤ لە کۆکردنەوە گۆڕا بۆ بەرهەم هێنانی خۆراك. کشتوکاڵ لە سەرەتادا سادە و ساکار بووە،جۆری کشتوکاڵ بەپێی ژینگە و هۆکارە سروشتییەکان دیاری دەکرێت، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بۆ رادەی سەرکەوتنی هەر بوارێکی کشتوکاڵی هەیە، چونکە هەر جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵی پێویستی بە جۆرێك خاکی دیاریکراو هەیە، لەگەڵ ئەوەش پێویستی بە ڕادەیەکی ئاو(باران، ئاودێری) دیاری کراو هەیە.توێژەنەوەکە بە دوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، ئایا لە کوردستاندا چ جۆرە کشتوکاڵێك باوبووە؟ پشتیان بە چی بەستووە؟ تا چەند سوود لە ئاوی سەر زەوی بینراوە بە تایبەتڕووبارەکانو جوگەکان؟ وەك زانراوە چاندن زۆرتر لە ناوچەکانی زاگرۆسدا زانراوە، ئایا لێرەوە گەشەی کردووە بۆ باشوور یان ناوەڕاستی میسۆپوتامیا؟ لە کوردستان زۆربەی بەروبوومە خۆراکیەکان وەکو گەنم و جۆ و نیسك  و نۆك...هتد بە ئاوی باران دەکرێن واتا زیاتر پشت بەچاندنی دێمی دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەش لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سەرلێواری ڕووبار و کەناڵە ئاوییەکان ئەوە کشتوکاڵی ئاودێری دەکرێت وەکو کونجی. زۆر لە بەروبوومەکانی ناوچەی کوردستان بۆ ناوچەکانی تر گواستراونەتەوە وەکو گەنم جۆ بۆ باشوورو ناوەڕاستی وولاتی نێوان دوو ڕووبار، لەهەمان کات کوردستان لەو سەردەمە بۆ چاوتێبرینی وولاتانی دراوسێ وەکو سومەرییەکان و ئەکەدییەکان و ئاشورییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئابووریە دەوڵەمەندەکەی.

**وشە سەرەکییەکان:** دانەوێڵە، گەنم، زەیتون، باخ، ڕووەکی خۆرسك

## ١.   پێشەکی

کوردســـــتان یەکێکە لەلانکە هەرە یەکەمەکانی مرۆڤی چاخی بەرد و لە دواتریشــــدا یەکەمین جوتیار گوندنشـــینبووە کە ئەویش کشـــتوکاڵ کردنە. کشـــتوکاڵ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە کە مرۆڤ گرنگی پێداوە بۆ درێژەپێدانی ژیانی،کشـــتوکاڵ بووە هۆی گواستنەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەوە بۆ زەویە کراوەکان لەهەمان کات مرۆڤی بەستەوە بەخاك واتا مرۆڤی جێگیر کرد وازی لە ژیانی کۆکردنەوە و گەڕان هێنا. لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت لە بواری کشتوکاڵ.

**گرینگی توێژینەوە:** گرنگی ئەو توێژینەوە ئەوەیە، کە تیشـك خراوەتە سـەر بەروبوومە کشـتوکاڵییەکان لە کوردسـتانی کۆن لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی. کە بەشـێکی زۆری کوردسـتانی کۆن لە ژێر دەسـتی خوری-میتانی بووە، وەکو ناوچەکانی نێوان دیالە- سـیروان تا باکووری ڕووباری دیجلە وبەرەو خورئاوا تا دەریا ناوەڕاست و لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیایەکانی زاگروس، و لوللوبییەکان  لە شارەزوور و گوتییەکان لە خوارووی  لوللوبییەکان وکاشـییەکان  لە باشـووری لوللوبییەکان و گوتییەکان و میتانییەکان. بە تایبەتیش میتانییەکان کە ئەرشـیف و شـوێنەواری زۆر دەوڵەمەندییان بۆ بەجێ هێشـتوین وەك نوزی و کوروخانی و ئەڕڕاپخا وئەلالاخ و لیلان و...تاد، کە ئەم ئەرشـیفانە لایەنی ئابووری زۆربەی ناوچەکانی ژێردەسـەڵاتی میتانی روونکردۆتەوە و بە تایبەتیش هەرێمی ئەڕڕاپخا و شاری نوزی.

**ئاسـتەنگەکانی توێژینەوە:**  لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە هەروا بێ کێشـە گرفت نەبوو، هەر لە سـەرەتای هەڵبژاردنی بابەتەکە، چونکە بە شـێوەیەکی گشـتی هیچ

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ حوزەیران ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٢ تەمموز ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢١ کانونی یەکەم ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: farhad.salih@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣  **فەرهاد عبدالباقی صلاح و کامران محمد جلال**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp369-376


توێژینەوەیەك نەكراوە لەسـەر ئەم بابەتە بەڵكو بەشـێوەیەكی لاوەكی چەند توێژەرێك لە چەند شـوێنێك باسـیان كردووە، و هەروەها كتێبخانەكانی كوردسـتان بە گشـتی لە سەرچاوەی مێژووی كۆن زۆر هەژارن یان بێبەشن.

**ئامانجی توێژینەوە:** تیشـك خسـتنە سـەر جۆرەكانی بەروبوومی چاندن لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستانی كۆن لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی.

**چوارچێوەی توێژینەوە:** توێژینەوەكە دابەشـكراوە بۆ چوار تەوەری سـەرەكی، لەگەڵ ئەنجام و پەراوێز و ناوی سـەرچاوەكان. (بۆشـارو ناوچە گرنگەكان دەروانرێتە نەخشەكە).

نەخشەی(١)

شانشینی میتانی لە نزیكەی سەدەی ١٥ و ١٤ پ.ز بڕوانە: (كوێخاجەلال:٢٠٠٨، ٢٠٣)




## گرینگترین بەروبوومە كشتوكاڵییەكان

### تەوەری یەكەم: دانەوێڵە

دانەوێڵە بەگرنگترین بەروبوومی كشـتوكاڵی دادەنرێت و تا ئێسـتا وەك سـەرچاوەیەكی سـەرەكی خۆراكی مرۆڤ بەهەمان شـێوە بە خۆراكی ئاژەڵیش دادەنرێت(ئیسـماعیل و كۆخاصادق :٢٠٢٠، ١١٨)، هەر لە كۆنەوە كوردستان مەڵبەندی چاندنی دانەوێڵە بووە، یەكەم جار لە كوردسـتان مرۆڤ پێ ی ئاشـنا بووە(كوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٣٥). گرنگی دانەوێڵە لەوەدایە كە بە بەرهەم هێنانی و گواسـتنەوە و هەڵگرتنی لە كۆگادا ئاسانە، هەروەها بۆ زۆری بەرهەمەكەی و بەها خۆراكیەكەی(هارون:٢٠٠٠، ١٣٣). لە پێشـكەوتنی شـارسـتانییەتی كۆن و نوێدا ڕۆڵ و كاریگەری هەبووە، تەنانەت ئەمرۆكەش لەگەڵ ئەو هەموو تەكنۆلۆژیا پێشكەوتووەشیان زیاتر ٩٠٪ ئەو وزە خۆراكیـانـەی مرۆڤـایـەتی دابین دەكـەن(هـەراری:١٣٠،٢٠٢٠)، گرنگترین بەروبوومی دانەوێڵە وەكو جۆ و گەنم و كونجی و كتان و نیسـك و نوك. . . هتد، ڕووبەری هەر یەكێك لەو جۆرە بەروبوومانە لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر و لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێكی تر لەسەر ئاستی جیهاندا جیاوازە، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشـتی، وەك ئاووهەوا و بەرزی و نزمی و خاك كە كاریگەری زۆریان لەسـەر بەروبوومی دانەوێڵە هەیە(ئیسـماعیل و كوخاصادق :٢٠٢٠، ١١٨). زۆرترین زانیاری لەسـەر كشـتوكاڵ لە ماوەی ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایینی كە زۆربەی كوردسـتانی كۆن لە ژێر دەسـەڵاتی میتانییەكاندابووە. زیاتر لە دەقەكانی شـاری نوزی و ئەڕڕاپخا و كوروخانی وئوغاریت و لیلان. . . هتد، زیاتریش ئەو هەزاران دەقانەیە كە لە نوزی دۆزراوەتەوە. ئاشورییەكان هەر لە سەردەمی شەمشی ئەدەدی یەكەمەوە(١٨١٤-١٧٨١)پ.ز چاویان بریوەتە باكووری ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی دەست بەسەردانەوێڵەی دەشتی شارەزوور ژێر دەستی لوللوبییەكان دابگرن، هەروەها ناوچەكانی ژێر دەسـەڵاتی گوتییەكان(معروف :٢٠٢١، ٦٩). بە تایبەتی لوللوبییەكان دەسـتێكی باڵایان هەبوو لە بەرهەم هێنانی دانەوێڵە، بۆیە كواری پاشـای شمشـارە لە ڕێگای پەیمان بەستنەوە لەگەڵ لوللوبییەكان دەیویست دانەوێڵە بەدەست بهێنێت بۆ وڵاتی ئوتم(بتوێنی ئێستا)(القرەداغي:٢٠٠٨، ٤٥). گرنگترین بەروبوومی دانەوێڵە ئەمانەن:

### ١_گەنم

لە دەقـە ئـابـووریـیـەكانی سـەردەمـی بابـلی ناوەڕاسـت(سـەردەمـی كاشـییەكان)(١٥٩٥_١١٥٩پ.ز) (الزبیدي:٢٠١٠، ٥٣)كە هێمای سـومەری گاگ(GIG) و هێمای ئەكەدی كیبتو(Kibtu)، بەكارهێنراوە(CAD,K:1971,340)، لە دەقەكانی نوزی بە هێمای كیبتو(Kibtu) هاتووە(كوێخا جەلال :٢٠٠٨، ١٣٦). گەنم بە گرنگترین بەروبوومە دانەوێڵییەكان دادەنرێت، كە بە شـێوەیەكی فراوان بڵاوبۆتەوە، دوو جۆر گەنم لە چاندن هەیە ئەوانیش، گەنمی زسـتانە و گەنمی بەهارە(هارون:٢٠٠٠، ١٣٤). گەنمی زسـتانە لە كۆتایی وەرزی پاییز وسـەرەتای وەرزی زسـتان دەچێنرێت، بەڵام لە زسـتان لە سـەرەخۆ گەشـە دەكات، لە بەهاردا زیاتر گەشە دەكات و پێدەگات، سەرەتای هاوینان دروێنە دەكرێت، گەنمی زستانە لە كوردسـتان زیاتر پێوەسـتە بە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاسـت، ئەم جۆرەیان لە كوردسـتان لە دەشـتییەكان و ناوچە گەرمەكان دەچێنرێت(غفور:٢٠٠٥، ٣٠٣)، گەنمی بەهارە لە كۆتایی وەرزی زسـتان وسـەرەتای وەرزی بەهاران دەچێنرێت، لە كۆتایی هاوین و سـەرەتای پاییز دروێنە دەكرێت، گەنمی بەهارە لەو ناوچانە دەكرێت، كە سارد و پلەی گەرمیان نزمە و بەهاران باران دەبارێت، ئەم جۆرەیان زوتر گەشـە دەكات لە چاو گەنمی زسـتـانـە، زیاتر لە ناوچە شـاخاوییەكان كوردسـتان دەچێنرێت(ئیسـماعیل و كوخاصـادق:٢٠٢٠، ١٢٠)، لە سـەرچاوە سـومەری و ئەكەدیەكاندا كە چاندنی گەنم مانگی(٨)واتا مانگی ئاب دەسـت پێدەكات تا وەكو مانگی(١١) واتا تشرـینی دووەم بەردەوامی هەیە(مەجیدزادە:٢٠١٢، ٥٩). گەنم پێویسـتی بە خاكێكی شـیرنزومی ڕەش كە دەوڵەمەندەبێت بە ماددەی ئەندامی، واتا حەزی بە خاكی قوڕی سـووك تێكەڵ بێت بە لم، چونكە ئەم جۆرە خاكە یامەتیدەرە بۆ لەبەر ڕۆیشـتنی ئاوی زیادە و پێویسـت لە خاكەكەدا(هارون:٢٠٠٠، ١٣٤). گەنم پێویستی بە نزمترین پلەی گەرمی لە نێوان(٤_٥)پلەی سەدی و بەرزترین پلەی گەرمیش دەگاتە(٤٠_٤٢)پلەی سەدی، بەڵام پلەی گەرمی نموونەیی(٢٣_٢٧)پلەی سـەدیە، زۆربەی لێكۆڵینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن نزیكەی ٦٠٪ بەرهەمی گەنمی جیهان لەو ناوچانە، كە بری باران لە نێوان(٣٠٠_٦٠٠)ملمە، گەنم لە سـەرەتای گەشـەكردنی پێویسـتی بە شێ هەیە، بەڵام لە كۆتایی گەشـەكردنی پێویسـتی بە شـێی كـەم هـەیـە، چونكـە دەبێتـە هۆی نـەخۆشی بۆڕووەكـەكـە(ئیسـماعیـل و كوخاصـادق:٢٠٢٠، ١٢١)، هەر لە كۆنەوە مرۆڤ گەنمی ناسـیوە، كە زیاتر

دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ، کەواتە گەنم ماڵیکراوە لە کوردستان لە٩٠٠٠ پ. ز(هەراری:٢٠٢٠، ١٣٠). گوندی بێستانسور یەکێکە لەو گوندانە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور دەنکی گەنمی لێدۆزراوەتەوە(محەمەد:٢٠١٧،٣٣). لە چەرمووش دەنکی گەنمی بەرەژوو دۆزراوەتەوە و گەنمی ئێمار(EMMER)[١] یان چاندووە، بۆ ژیانی رۆژانەی بەکارهێناوە(وەهاب:٢٠٢١، ٣١)، گەنمی ئاینکۆرن(Enkorn)[٢] لە گردەکانی کاراجاداگ[٣] سەرچاوەی گرتووە(هەراری:٢٠٢٠، ١٤٧)، و جۆرێکی تر لەگەنم هەیە پێیدەوترێت گەنمی نان کە گۆلەکەی لە شەش پەڕپێك هاتووە، کە ئەمە دواتر لەگەڵ دانەوێڵەکانی تر ماڵی کراون(الجادر:١٩٨٨، ٦١). گەنمی ئێمار زۆرتر دەچێنرێت لە چاو گەنمی ئینکورن(ستیل :٢٠٢٠، ١٨)، گەنم لە چیاکانی کوردستانەوە گواستراوەتەوە بۆ باشووری وولاتی نێوان دوو ڕووبار(الاحمد:١٩٨٥، ١٦٢)، گەنم ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی ئابووری هەبوو، لە زۆربەی خواردنەکان پشتی پێدەبەسترا و یەکێك بوو لە کاڵا بازرگانییەکان، جگە لە پێدانی گەنم بە باج(اسماعیل و حسین:٢٠١٠، ١٩٠). هەر وەکو شاری ئیدو[٤] کە ناوی لە ٣٧ دەقی مێخی ئابووری سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست(١٣٦٣_٩١١پ.ز) هاتووە کە گەنمی وەکو باج ڕەوانەی شاری ئاشور کردووە(دێلفریدو ڤانسۆلد و ئەحمەدو هێس و پاپی و ڤۆسینك:٢٠١٣، ٢٨).ناوچەی جەزیرە بە تایبەتی(سێ گۆشەی خابور)وەك ناوەندێکی سیاسی کارگێری دەوڵەتی میتانی بوو، شارە بە ناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە بریتی بوون لە واشۆکانی، ئۆرکێش، ناوار، ئەشنەککوم[٥]،(بورونـدوم، ئێلاخەت)[٦]،(نوصەبیین، روها و قرقیسیا)[٧] و حەڕڕان[٨] و ناوچەکانی دەوروپشتی دەریاچەی وان بە هۆی سەرچاوی ئاوی زۆر و خاکی بە پیت، هەر لە کۆنەوە بە ناو بانگ بووە بە چاندنی گەنم(عەولا:٢٠١٧، ٨٨). و لە ناوچەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی میتانی وەکو شارەکان ئوگاریت و حەلەب و ئەلالاخ و کەرکەمیش و ئوروشوم[٩] و خەششوم[١٠] بۆ چاندنی گەنم زۆر باش بوو(الذنون:١٩٩٩، ١٤٣). ناوچەکانی باشووری دەوڵەتی میتانی وەکو دەشتەکانی کەرکوك وهەولێرو دەشتی شارەزوور و دەشتی ڕانیە و دەشتی هەریر و دەشتی سندی و بانەکانی هەرێمی زۆرگ دەگرێتەوە(عولا:٢٠١٧، ٨٨)، لە ناوچەی کەرکوك گەنم چاندن دوای جۆ هاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەنم زیاتر پێویستی بەئاو هەیە، وگەنم کەمتر بەرگەی دەردی کشتوکاڵ دەگرێت وە لە هەمان کات بەرهەمی گەنم کەم دەکات بەهۆی شۆرەکات کەبەهۆی ئاودێریەوە زیاد دەکات، بەپێ ی دەقەکانی نوزی لە کۆشکدا وەردەگیرا دابەشدەکرا(کوێخاجەلال:٢٠٠٨، ١٣٦). و لە(خانی ماسی)[١١]، گەنم چێنراوە.(Laugier&Casana&Cabanes:2022,3). ناوچەی دەشتی حەڕڕان لە زستانان گەنم دەچێنرێت چونکە باران بارینەکەی بەشی گەشەکردنی گەنمی هەیە(عمر:٢٠١٧، ١٣).

**٢. جۆ**

جۆ بەهێمای سومەری شی(ŠE)، بە هێمای ئەکەدی شیو(Šeủ) بەکاردەهێنرا(CAD,Š,P,2:1992,345)، و بەپێی دەقەکانی نوزی جۆ هێمای شیتو(Šeᾱtu)بەکارهێنراوە(کوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٣٥). جۆ بەکۆنترین بەروبوومی دانەوێڵە دادەنرێت کە چێنراوە دوای ماڵی کردنی(الدفاعي:٢٠٢٢، ١١). گوندی بێستانسور یەکێکە لەو گوندانە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور دەنکی جۆی لێدۆزراوەتەوە(محەمەد:٢٠١٧،٣٣). لە چەرمووش دەنکی جۆی بەرەژوو دۆزراوەتەوە کە لە جۆری دوو پەڕبووە(وەهاب:٢٠٢١، ٣١)جۆ بۆ خواردن بە کاردێت و وەك خواردن دەدرێت بە رەشەووڵاخ(هارون:٢٠٠٠، ١٦١). ئەم دانەوێڵە لە زۆر بواردا سوودی هەبووە، بۆ تۆکردنی لە ساڵی داهاتودا، لە بواری پیشەسازی بیرەی لێدروستدەکرا، لە بۆنە ئایینییەکاندا لە پەرستاگاکاندا پێشکەش دەکرا(کوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٣٥-١٣٦)، لە ئاڵوگۆری بازرگانی کە لە جیاتی پارە بەکار هاتووە چونکە وەك پێوانەیەکی پەسەند بۆ بەهای پێویستی یان کاڵایەك بە کارهاتووە. جۆ ناوبانگیەکی باشی هەبوو و لە هەمان کات ڕێژەیەکی زۆریش بەرهەم دەهات(اسماعیل و حسین:٢٠١٠، ١٩٠). جۆ دوو جۆری هەیە یەکیان جۆی کێوی کە لە دوو پەڕ پێك دێت دووەمیان جۆی ماڵیکراو کە لە شەش پەڕ پێك هاتووە،جۆی کێوی دوو پەڕ بە کۆنترین جۆی ماڵیی دادەنرێت کە لە چەرموو دۆزراوەتەوە(الجادر:١٩٨٨، ٦١)، لە تەپەی گوران ئەم جۆرە جۆیە دۆزراوەتەوە چونکە شارستانی تەپە گوران هاوشێوەی شارستانی چەرموویە(سليم:١٩٨٨، ١١٦). و لە گردی حەلەف و مەتارە(الروشيدي: ١٩٧٣، ٧)، و لە حەسونە و ئوم دباغیە و تەمر خان[١٢] و کانی سور[١٣] و خورە نەمك[١٤] و(خرابە قرە چوار)[١٥] و نزیك چەرموو، وشمشارە کە هاوچەرخی چەرموو و حەسونە بوو دۆزراوەتەوە(الجادر:١٩٨٨، ٦٢). لە شاری ئیدو بە تایبەتی لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست کە جۆ وەکو باج ڕەوانەی شاری ئاشور کردووە(دێلفریدو ڤانسۆلد و ئەحمەدو هێس و پاپی و ڤۆسینك:٢٠١٣، ٢٨). لە(ئەفسانەیەکی سومەری)[١٦]، باشووری عێراق جۆی لە کوردستانەوە بۆ چووە کە پێیان ووتوە جۆی چیایي(الاحمد:١٩٨٥، ١٦٣). لە زۆربەی ئەوناوچانەی کە گەنم چندراوە جۆش جێندراوە، لە کەرکوك جۆ زیاتر چێنراوە، هەروەها لە نوزی خوراکی سەرەکی دانیشتوان بووە وبەبێ خومرە نانی لێدروست دەکرا(کوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٣٥). لە ناوچەکانی دەریاچەی وان و لەخورئاوای کەناراوەکانی کەنداوی ئەسکەندەرونە بۆ چاندنی جۆ زۆر باش بوون(عەولا:٢٠١٧، ٢٨)، و لە ناوچەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی میتانی وەکو شارەکان ئوگاریت و حەلەب و ئەلالاخ و کەرکەمیش و ئوروشوم و خەششوم بە هۆی ئاوهەوای لە بار و خاکی بە پیت، هەروەها ناوچەکانی باشووری دەوڵەتی میتانی وەکو دەشتەکانی کەرکوك وهەولێرو دەشتی شارەزوور و دەشتی ڕانیە و دەشتی هەریر و دەشتی سندی و بانەکانی هەرێمی زۆرگ دەگرێتەوە، جۆش لەو ناوچانە چێنراوە(فێلهێلم:٢٠٠٩، ٤٦). ناوچەی جەزیرە بە تایبەتی سێ گۆشەی خابور، بە هۆی سەرچاوی ئاوی زۆر و خاکی بە پیت، هەر لە کۆنەوە بە ناو بانگ بووە بە چاندنی جۆ(عەولا:٢٠١٧، ٨٨). لە خانی ماسی جۆ چێنراوە(Laugier&Casana& Cabanes : 2022 ,3). جۆ چێنراوە لە دەشتەکانی ڕوبار و دەشتەکانی دۆڵی ڕووباری عەفرین و دەشتەکانی جندریس ودەشتی شاری عەفرین(برکات:٢٠١٩، ٢٠٨). ناوچەی دەشتی حەڕڕان لە زستانان جۆدەچێنرێت چونکە باران بارینەکەی بەشی گەشەکردنی جۆی هەیە(عمر:٢٠١٧، ١٣). هەروەها لە ناوچەکانی وولاتی لوللوبییەکان چۆ زۆربووە بە بەڵگەی ئەوەی لە دەقەکانی کۆتایي چاخی نوزی، بەتایبەتی لە سەدەی(١٤پ.ز)، باس لە هێنانی جۆ لە وولاتی لوللو لە خۆرهەڵاتەوە کراوە(کوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٧٢). و لە دەقەکانی شمشارە باسی جۆی لوللوبییەکانی کردووە، کە ئەمەش لە هەردوو نامەکەی شیپراتۆ، کە بۆ کوواری ناردووە داوای لێدەکات کە کوواری پیمان ببەستێ لەگەڵ لوللوبییەکان بۆ ئەوەی جۆ بێنن لە وولاتی لوللوبییەکان بۆ شوشرا(قەرەداغی و مەعروف:١٩٩٥، ٢٥ _٢٩).

**٣. هەرزن**

ناوی هەرزن بە سومەری پێیدەوترێت ئارسیککو(arsikku)(CAD,A:1968,340) وبە ئەکەدی پێیدەوترێت

دوخـن/تـوخـنـو(Laugier&Casana&Cabanes:2022,2) ناوی لە دەقـە مێخییەکانی نوزی بە شـــێوەی دوخنو(duḫnu)هاتووە(CAD,D:1959, 171). هـەرزن هـەر لە چاخەکانی پێش مێژووەوە ناسراو بووە(الاحمد:١٩٨٥، ١٦٢). لە سەرەتادا لە ئەفریقا و باکووری چین ماڵی کراوە. هـەرزن پێویستی بە بارانی هاوینەهەیە لەمـانگـەکانی(٥_١٠)کـە دەبێـت ١٢٠ ملم باران ببـارێـت یان بـە ئـاودێری (Laugier& Casa& Cabanes:2022,1). هـەرزن پێویسـتی بە کەش و هەوایی تایبەت نییە بۆ چاندنی. هـەرزن بەروبومێکی دانەوێڵەیە بەرهەمێکی هاوینەیە زوو گەشـــە دەکات، ماوەی گەشـــەکردنی کورتە و بەرگەی وشـــکی دەگرێت، و هەرزن پرۆتینی زۆرە ئـەوەش وایکردووە کـە بۆ خۆراکی مرۆڤ و ئـاژەڵ بـەکاری بهێنێت(هارون:٢٠٠٠، ١٥٩). هـەرزن لە ســـەردەمی جەمدت نەصر نزیکەی ٣٠٠٠پ. ز بە دەســـت هاتووە(مەجید زادە:٢٠١٢، ٥٨). بۆ یەکەم جار ناوی هەرزن هاتووە لە دەقە مێخییەکانی ناوەڕاســـتی هەزارەی دووەمی پێش زایینی، کە لە نیبورو نوزی ئەو دەقانە دۆزراینەوە، لە دەقەکانی نوزی باسی چاندنی هـەرزن کراوە لەگەڵ کۆنجی(Laugier&Casana&Cabanes:2022,2). هەموو ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە هـەرزن هەبووە لە نیوەی دووەمی هـەزارەی دووەمی پێش زایینی لە خانی ماسی بە درێژایی بەرزاییەکانی سەرووی ڕووباری دیالە_سیروان لە کوردستانی عێراق، کە ئەمەش دەگونجێ لەگەڵ هەموو ئەو ســـەرچاو و دەقانەی هاوچەرخ و لەگەڵ چەند بەڵگەیەکی ڕووەکی هەرێمی کە ئاماژە دەکات بە هەبوونی هـەرزن لە وولاتی نێوان دوو ڕووبار لەو کاتەدا(Laugier&Casana& Cabanes :2022,2). هـەروەهـا لە ناوچـەی دەشـــتی حـەڕڕان هـەرزن دەچێنرێـت بـە شـــێوەیـەکی فراوان(عمر:٢٠١٧، ١٣).

**تەوەرەی دووەم: ڕووەکە ڕۆنیەکان**

**١. زەیتون**

زەیتون لە دارە بە تەمەنەکانە، ئەگەر ئاوهەوا و خاکی باشی هەبێت ئەوەتەمەنی دەڕوات بۆ ١٠٠ ســاڵ، و بەرگەی ووشـکی دەگرێت لەبەر بوونی ڕەگی درێژ کە بڵاوبۆتـەوە لە خـاکدا و گـەڵاکانی بـەهێز بـەرز و لقـەکانی کورتن، داری زەیتون لە چاندنیەوە تا دە ســاڵ ئەوجا بەرهەمێکی ئابووری دەدات، یەکەم بەروبوومی ڕووەکیە کە ڕۆنی لێ دەردەهێنرێت(هارون:٢٠٠٠، ٢١٥). یەکێکە لە بەروبوومە ڕۆنییەکان لە رووی ئـابوریـەوە بـە هـایـەکی گرنگی ڕۆنی خۆراکیـان تێـدایـە، لە زۆربـەی شـارسـتانییەتە کۆنەکان گرنگیان بەم جۆرە بەروبوومە ڕووەکیە داوە و مێژووەکی کۆنی هەیە، ودۆزینەوە و دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠سـاڵ پێش زایین. سـەبارت بە نیشـــتمانی ڕەســـەنی ئەم جۆرە بەروبومە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاســـت بە تایبەتی ناوچەی ئەدەنە لە تورکیا و باکووری خۆرئاوای ســـوریا، ســـەرەرای دەرهێنانی ڕۆنەکەی وەك مادەیەکی خۆراکیش بە کاردێت(ئیســـماعیل و کوخاصـادق:٢٠٢٠، ١٨٩-١٩٠). لە ناوەڕاســتی هەزارەی دووەمی پێش زایینی لە ناوچەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی میتانی وەکو شـــارەکان ئوگاریت و حەلەب و ئەلالاخ و کەرکەمیش و ئوروشـوم و خەشـشـوم بە هۆی ئاو و هەوای لە بار و خاکی بەپیت، بۆتە هۆی چاندنی زەیتون بە ڕێژەیکی باش لەم ناوچەیە، وەکو ناوچەکانی حەلەب و ئوگاریت دەکران بەزەیتون جگە لە خۆراك لە پیشـــەســـازیدا بۆ دروســـتکردنی ڕۆن بەکارهاتووە(عەولا:٢٠١٧، ٨٩). وبەرهەم هێنانی زەیتون لە ناوچەکانی چیای کوردان لە ســـەردەمی میتانییەکان لە ناوەڕاســـتی هەزارەی دووەم پێش زایینی، بۆتە هۆی ئەوەی، کە میتانییەکان ڕۆنی زەیتون بنێرن بۆ فیرعەونەکانی میسرکە بەکاریان دەهێنا بۆ خواردن و لایەنی پزیشکی بەتایبەتی بۆ تیمارکردنی نەخۆشی پێست، وهەروەها بەکاریان دەهێنـا بۆ ڕووناك کردنـەوەی مـاڵـەکانیـان و پـەرســـتگـا و شـــوێنـەکانی کات بەرێکردن(برکات:٢٠١٩، ٣٨٩).

**٢. کۆنجی**

لە دەقەکانی ســـەردەمی بابلی ناوەڕاســـت بە هێمای ســـومەری شی.گیش.ئا (ŠE.GiŠ.I)، و بە هێمای ئەکەدی شـاما شـامو(ŠamaŠŠammū) بەکارهێنراوە، بە واتای دەنك یان تۆی داری ڕۆن(CAD,Ŝ,1:1989,306). بەڵام لە دەقـەکانی نوزی باس لە تۆم و ڕۆنی کۆنجی کراوە کـە بـە شی_ئـا_شـــیـگ(ŠE.i.ŠiG)، ناسراوە(Fincke :1999 ,158).سـەبارت بە کۆنجی کە یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکان بۆ خواردن هەر وەکو گەنم و جۆ کە چاندنی خوازراو بووە(باقر:١٩٨٠، ١٢٠)، لە هـەزارەی ســـێیـەمی پێش زایینی کۆنجی ناسراو بووە لە ناوچـەکانی نێوان دوو ڕووبارەکـە(.(Laugier& Casana&Cabanes:2022,2 یـەکێکـە لە ڕووەکـە ڕۆنیەگرنگەکان و چاندنی جگە لە خۆراك بۆ سوود وەرگرتن لە ڕۆنەکەی. بەروبومێکی هاوینەیە لە مانگی حوزیران دەچێنرێت لە ماوەی ســێ مانگ پێدەگات و لە مانگی ئاب یان ئەیلول دروێنە دەکرێت(الزبیدي :٢٠١٠، ٥٥). پێویســـتی بەکەش و هەوایەکی گەرم و بەرۆژ هەیە، زەوی لە ماددەی تێکەڵە بۆ کۆنجی لەبارەکە بە پیت بێ وباش ئاودێری دەرچێ وشـــورەکاتی نەبێ(عومەر:١٩٩٨، ٢٤٤)، لە زەوییە بەر ئاوییەکاندا چێنراوە، کە پشـت بە ئاوێری دەبەسـتێت(کوێخا جەلال:٢٠٠٨، ١٣٦). و لە کۆمەڵە ڕووەکە ســـوزەکانە کە بەرگەی ووشـکی و پلەی گەرمی بەرز دەگرێت واباشـترە پێش ئەوەی بەشی سـەرووی کۆنجیەکە پێبگات دروێنە بکرێت چونکە بەشی خوارەوەی کۆنجیـەکـە پێگـەیشـــتووە(احمد:٢٠٢٠، ٧٧-٧٨). داوتر لەبـەر هـەتاو دابنرێتە بۆ ئەوەی ووشکبێتەوە، دواتر بەدار دەنکەکەی لە لاسکەکەی جیا بکرێتەوە، و بە بێشـنگ تۆکەی خاوێن دەکرێتەوە(الزبیدی:٢٠١٠، ٥٥). چەند جۆرێکی هەیە وەك کۆنجی سـپی، زەرد، قاوەیی، ڕەش(وهد:٢٠٠٨، ٤٠). بە شـێوەیەکی گشـتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە زۆر گرنگ بوین بۆ چاندنی کۆنجی بە تایبەتی ناوچـەکانی نـوزی، کـە ژێـنـگـەیـەکـی شـــیــاوی چـانـدنی کـونجـی بووە(Schneider:1999,402:). و چاندنی لە چەند ناوچەیەکدا زۆر گونجاو بووە، وەکو: ئـەپێنـاش(Apenaŝ)، تێمنتـاش(Temtenaŝ)، ئـولامـە(Ulamme)، لوبتی(Lubti) بەرهەمی باشی هەبووە(Fincke: 1999,158). هەروەها لە دەقەکانی کۆشـــکی نوزی ناوی چـەنـد کرێکارێـك براوە کـە لە کێڵگـەکانی کۆنجیـدا کاریان کردووە(Schneider:1999,403). و ئێســـتاش باشـــووری ڕۆژئاوای کەرکوك زۆر دەوڵەمەندە بە کۆنجی، و هەروەها لە ناوچەکانی ئاشـور و نەینەوا کەوا دەکەوتنە سـەر ڕووبارەکان یا خود کۆمەڵێك کەناڵی ئاویان هەبوو ئەوا بایەخ و ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرهەم هێنانی کۆنجی دا هەبوو(عەولا:٢٠١٧، ٨٨).

**٣. کەتان**

وشەی کەتان لە زمانی سۆمەریدا بە (GADA)، بە واتای "کەتان" و لە زمانی ئەکەدی ئاماژەی پێکراوە بە ناوی(kitž) یان (qž)(ظاهر:٢٠١١، ١٦٦). داری کەتان دوو پێ یان سێ پێ بەرز دەبێت، زەوی لە ماددەی تێکەڵە لە بارە، کە بە پیت بێ وباش ئاودێری دەرچێ، لە هەردوو ئاوهەوای ووشك و سارد دەچێنرێت، بەڵام بەرهەمی ئاوهەوای سارد زیاترە(هارون:٢٠٠٠، ٢٥٧)، کەتان بە یەکێك لە بەروبوومە گرنگەکان دادەنرێت، سێ جور چاندنی جۆری یەکەم بۆ ڕیشاڵەکەیتی بەکاردێت بۆ پیشەسازی ڕستن و چنین، جۆری دووەمی بۆ تۆیەکەی کە ڕۆنی

لێوەردەگیرێت کە بە ڕۆنی گەرم ناسراوە، جۆری چاندنی سێیەمی لە نێوان یەکەم و دووەم دەچێنرێ بۆ بەرهەم هێنانی ڕیشاڵی درشت(ظاهر:٢٠١١، ١٦٧). و یەکەم جار لە گوندەکانی صوان و چوخە مامی و ئارپیجیە[17] چێنراوە. بە شێوەیەکی کێوی لە صوان و چوخە مامی دۆزراوەتەوە، و کەتانی ماڵیکراو لە گوندی ئەرپیجیە دۆزراوەتەوە(النجم:٢٠٠٦، ٥١). تۆی کەتان لە شوێنەواری حەسونە دۆزراوەتەوە، کەتان پێویستی بە ئاوی ئاودێری هەیە(الاحمد:١٩٨٥، ١٥٤)، چونکە ئەم ڕووەکە بە ئاوی باران گەشە ناکات ئەگەر بێت و بڕی بارانەکە وەك پێویست نەبێت، چونکە کەتان پێویستی بە ئاوی زۆر هەیە. لە گوندی صوان خەڵکەکە لەڕێگای ئاودانەوە کەتانی چاندووە(الجادر:١٩٨٨، ٦٧).

## تەوەری سێیەم: ڕووەکە باقلەمەنییەکان و سەوزە و باخەکان

### ١. ڕووەکەباقلەمەنییەکان

بەروبوومی پاقلەمەنییەکان بە پلەی دووەم دێت لە گرنگی دوای بەروبوومی دانەوێڵە، کۆمەڵێك بەروبوم دەگرێتەوە وەکو نیسك و نوك. . . هتد. ئەو بەروبومانە زۆر گرنگە بۆ خواردنی مروڤ و ئاژەڵ و بۆ خاك کە زەوی بەپیت دەکات(هارون:٢٠٠٠، ١٧٢). نیسك بە هێمای سومەری ئینتیل(IENTIL) و بە هێمای ئەکەدی ئوشو(uŝu) بەکارهێنراوە و نیسك بەرگەی زۆری پلەی گەرمی ووشکی دەگرێت، بەڵام بەرگەی ڕادەی شێ ناگرێت. بەرهەم هێنانی پشتی بە بڕی باران بەستوە، بەڵام بەرهەمەکەی زیاد دەکات ئەگەر لە ڕێگای ئاودێرییەوە بکرێت(الزبیدي:٢٠١٠، ٥٥_-٥٦). لە گوندی بێستانسور پاشماوەی نیسك لێدۆزراوەتەوە(محەمەد:٣٣،٢٠١٧). نیسك و نوك هەر لە کۆنەوە چێنراوە بە تایبەتی لە گوندی چەرموو کە لە چینەکانی سەروەدا دۆزراوەتەوە(وهاب:٢٠٢١، ٣٢)، کە نیسك و نوکی بەرەژوو بوو لە ناو گۆزە بوون کە مرۆڤ بە کاری هێناون بۆ خواردن و لاسکەکانیان وەك ئالیك داوە بە ئاژەڵەکانیان(قەرەداغی:٢٠٢١، ١٨). نیسك بەشێوەیەکی زۆر دەکرا لە ساڵی ١٥٠٠پ.ز بە تایبەتی لە ناوچەکانی دوکان و چەرموو، و گواستراوەتەوە بۆ ئاسیا و لە ڕێگای ئەنادۆڵەوە بۆ ئەوروپا(وهد:٢٠٠٨، ٤٠). نوك لە بەرهەمە زستانییەکانی کوردستانە، کە لە شێن بوون و چاندنیدا پشت بە باران دەبەستێ، چاندنی نوك لە خاکی تێکەڵەی سوکدا دەکرێ، کە بتوانێ شێدار هەڵبگرێ و بپیارێزێ، بەڵام چاندنی لە خاکی شورەك و لماویدا سەرکەوتوونی یە، کە ئەمەش هۆکارێکە کە وای کردووە لە کوردستان بچێنرێ(عومەر: ١٩٩٨، ٢٤١_٢٤٢)، ناوچەی جەزیرە بە تایبەتی سێ گۆشەی خابور، و ناوچەکانی دەوروپشتی دەریاچەی وان بە هۆی سەرچاوی ئاوی زۆر و خاکی بە پیت، هەر لە کۆنەوە بە ناو بانگ بووە بە چاندنی نیسك و نوك(عەولا:٢٠١٧، ٨٨). لە زۆربەی دەشتەکانی چیای کوردان لە عەفرین هەر وەکو دەشتی ڕوبار و دەشتی چیای لیلون کە زیاتر لە چاندنی نیسك و نوك پشت بە ئاوی باران دەبەستێت(برکات :٢٠١٩، ٢٠٩).

### ٢. سەوزە

بەروبوومی سەوزە گرنگی زۆری هەیە، بە بەشێکی گرینگی خوراك دادەنرێت. بوونی سەوزە جیاوازی هەیە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، بە شێوەکی گشتی چاندنی بەروبوومی سەوزەمەنی هەموو شوێنێکی ناوچە ئاوەدانەکانی گرتۆتەوە و بە زۆریش لەو شوێنانە دەچێنرێت کە چڕی دانیشتوانی تێدا بەرزە بە تایبەتی لە دەوروبەری شارە گەورە و قەرەباڵغەکان بۆ ئەوەی بە خێرای بگاتە دەستی بەکاربەر، چونکە سەوزە زوو تێك دەچێت(ئیسماعیل و کوخاصادق:٢٠٢٠، ٢٢٨). لە شارەکانی نوزی و ئەرڕاپخا و ئاشورو نەینەوا کە دەکەوتنە سەر ڕووبارەکان یان کەناڵی ئاوییان هەبووە، ئەوا بایەخ و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا، و ڕووبەرێکی بەرفراوان دەچێنرا لە بەروبوومی بەرئاوی بە تایبەتی سەوزە(عەولا:٢٠١٧، ٨٨). لە ناوچەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی میتانی وەکو شارەکان ئوگاریت و حەلەب و ئەلالاخ و کەرکەمیش و ئوروشوم و خەششوم بە هۆی ئاوهەوای لە بار و خاکی بە پیت، ئەوا ڕووبەرێکی فراوانی زەوی زار بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی وەك سەوزە تەرخان دەکرا(دیجورج:٢٠٠٥، ١٧). لە دەشتەکانی چیای کوردان بە تایبەتی ئەو گوندانەی کە دەکەونە سەر هەردوو لای ڕۆخی ڕووباری عەفرین کشتوکاڵی سەوزەی لێدەکرا(برکات:٢٠١٩، ٢٠٩).

### ٣. باخەکان

باخ لە هێمای سومەری گیش. سار=کیری(GIŜ.SAR=kiri) کە بەرامبەر هێمای ئەکەدی کیرۆKirû بەکارهێنراوە(Labat:1976, 105). و بە زمانی خوری سەیری (Sayri) بەکارهاتووە (حەمەڕەش:٢٠١٣، ١٢٣). بوونی باخ جیاوازی هەیە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، بە شێوەکی گشتی چاندنی باخ هەموو شوێنێکی ناوچە ئاوەدانەکانی گرتۆتەوە و بە زۆریش لەو شوێنانە دەچێنرێت کە چڕی دانیشتوانی تێدا بەرزە بە تایبەتی لە دەوروبەری شارە گەورە و قەرەباڵغەکان بۆ ئەوەی بە خێرای بگاتە دەستی بەکاربەر. داری میوەجات یەکەم ماددەی خوراکی بووە مرۆڤ پشتی پێ بەستووە( ئیسماعیل و کوخاصادق:٢٠٢٠، ٢٤٣)، کەش و هەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دارەکان ئەگەر لە زستان پلەی گەرمی دابەزێت دارەکان لە ناو دەچن، لە هەمان کات لە هاوین پلەی گەرمی بەرز بێت، ئەوا گەڵاکانی دەسوتێن، وەکو گەڵای دارەکانی هەنجیر[18] و خۆخ و ترێ[19] و سێو[20] (عومەر:١٩٩٨، ١٥) ناوچەکانی سێگۆشەی خابور، ناوچەکانی دەوروپشتی دەریاچەی وان بە هۆی سەرچاوەی ئاوی زۆر و خاکی بەپیت، ئەوا هەر لە کۆنەوە بە ناوبانگ بووە بە چاندنی چەندین جۆر لە بەروبوومی کشتوکاڵی وەکو هەنجیرو هەنارو سێو جۆرەکانی ترێ لە ڕەز و باخ و بێستانە چڕەکانی بەرهەم دەهێنرا(عەولا:٢٠١٧، ٨٩). هەر لە کۆنەوە بەروبوومی میوەجات لە وەرزی زستاندا لە ناوچەی خابوورەوە بۆ ناوچەکانی تری میسۆپۆتامیا نێردراوە(ابن حوقل:١٩٩٢، ٢٠٤). بە پێی ئەو دەقانەی[21] کە دۆزراینەوە لە ئوگاریت، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ١٤_-١٣ پ. ز کە باسی چاندنی داری زەیتون و ترێ و سێو و هەنار و دارستانی بەرو دەکات(یونس:٢٠٠٠، ٨٥). هەر یەك لە حەلەب و ئوگاریتدا بەشێك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی زەیتون و ترێ جگە لە خۆراك، ئەوا لە پشەسازیدا بۆ دروستکردنی ڕۆن و خوارنەوە کحولییەکاندا بەکارهاتووە(عەولا:٢٠١٧، ٨٩). هەنجیری کوردستان ناوی لە تابلویەکی شادویم(گردی حرمل)[22] ، کە لەم تابلویە چوار جۆر هەنجیر ناوی هاتووە، کە یەکێان بە ناوی هەنجیری باکوور واتا کوردستانی عێراق، کەواتە ئەم جۆرە هەنجیرە لە کوردستانی عێراقەوە گواستراوەتەوە بۆ گردی حرمل، و لە دەقێکی مێخی لە ئوگاریت لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا ناوی هەنجیری سوبارتۆ هاتووە، کە ئەمەش لە کوردستانی عێراقەوە گۆاستراوەتەوە بۆ ئوگاریت، کە هەمان ئەو جۆرە هەنجیرەیە، کە لە تابلوکەی شادویم(گردی حرمل) هاتووە(الاحمد:١٩٩١، ١٨١). لە ناوچەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی میتانی وەکو شارەکانی ئوگاریت و حەلەب و ئەلالاخ و کەرکەمیش و ئوروشوم و خەششوم بە هۆی ئاوهەوای لەبارو خاکی بە پیت ئەوا ڕووبەرێکی فراوانی زەوی و زار جۆرەها میوەی لێ چاندراوە وەکو زەیتون و هەنارو جۆرەکانی ترێ. . . هتد(دیجورج:٢٠٠٥، ١٧)، ئەو بەڵگە و پاشماوانەی کە لە گوندی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp369-376

حەسەنلو دۆزراوەتەوە کە میوەجات بەگشتی لەو ناوچەیە چاندراوە وەکو بەهێ چەند جۆر لە هەرمێ و سێو زەردەلو و بادەم(ئیزەدی: ٢٠٠٦، ٥٠٩)، لە باشووری گردەکانی سنجارباخ چێنراوە ودووباخ لە دوو بەڵگەنامە هاتووە کە هەر باخێك ٢٤٠٠ داری میوەی هەبووە(الاحمد:١٩٩١، ١٨١)، وهەروەها ناوچەکانی زاموا کە دەکەوێتە سەرووی ڕووباری عوزەیم ترێ و میوەجات چندراوە(یانکوفسکا:١٩٨٦، ٣٩٤)، و لە شاری ئیدو لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست میوە وەکو باج ڕەوانەی شاری ئاشور کردووە(دێلفریدو ڤانسۆلد و ئەحمەدو هێس و پاپی و ڤۆسینك:٢٠١٣، ٢٨).هەروەها خەڵکی سەرووی فورات و بەتایبەتی شاری حەڕڕان داری بەڕویان چاندووە، کە لە یەکێك لە دەقە نوسراوەکانی ئاشور باسی ٤٩_٣٠٠داری بەڕو دەکات لە ناوچەی حەڕڕان(المحمدي:٢٠١٦، ٤١٠). ولە ناوچەی چیای کوردان داری زەیتون بەشێوەیەکی فراوان چێنراوە وەهەروەها داری هەنجیر و بادەم و سێو و گوێز. . . هتد چاندراوە(برکات:٢٠١٩، ٢١٢-٢١٥). لە دەقە مێخییەکانی شاری نوزی ئاماژە بە شلیو-تیشوب کراوە کەیەکێکە لە میرەکانی شاری نوزی کە خاوەنداریەکی گەورەی زەوی بووە، لە وانیش زەوی کشتوکاڵی بووە کە خاوەنی کێڵگەی مێوی ترێ وباخەکان بووە لە شاری نوزی(یانکوفسکا:١٩٨٦، ٣٦٣). هەر لە کۆنەوە خەڵکی کوردستانی کۆن پەینی بەکار هێناوە بۆ باخەکانیان، کە ئەوەش لەو بەڵگەیە دەردەکەوێ کە فەرمانڕەوای شاری نوزی پێی تاوانبارکرابوو کە کری نەدابوو بەو کرێکارانەی کە باخەکانیان پەین کردبوو(الاحمد:١٩٨٥، ١٦٧)

## تەوەری چوارەم: ڕووەکی سروشتی

بەو ڕووکانە دەوترێت، کە بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر زەوی دەروێن ڕووەکی سروشتی لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەوەش بە هۆی جیاوازی تۆبۆگرافی و هەلومەرجی کەش و هەواوە جۆری خاکەکەی(غەفور: ٢٠٠٥، ١٣٣). دوای ئەوەی کەش و هەوا جێگیر بوو دوای کشانەوەی سەهۆڵبەندانکە ئەم جیاوازیە دەرکەوت لە ناوچەکانی کە بیابان بوون کە بووە هۆی کەمی ڕووەکی خۆرسك لەو ناوچانە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ناوچە بەرزەکانی کوردستان رووەکی سروشتی زۆر بوون(الدباخ: ١٩٨٥، ٤١). تایبەتمەندی ڕووەکی سروشتی کوردستان لەوەدایە، کە خۆیان لەبەر بەرزی پلەی گەرما و وشکی دەگرن(غەفور:٢٠٠٥، ١٣٣). لە دەقە کۆنەکان بە تایبەتی پەیکەری باستکی[٢٣] ناوی داری کوردستان هاتووە وەك ئەو نوسینەی نەرام سین شانازی بە سەرکەوتنی بەسەر سوبارتودەکات کە باسی داگیرکردنی ناوچە چیاییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات دەکات (ئەحمەد:٢٠٠٨، ٢٩). دارستانی خۆرسك لە کوردستان پێك هاتووە لە داری بەڕوو و قەزوان و بادەم و سنەوبەر و گوێز و عەرعەر و سەروو و داری میوەی کێویلە کە لە کوردستاندا لە دێرزەمانەوە خۆراگرانە ماوەنەتەوە(ئیزەدی:٢٠٠٧، ٥٧)، بەڵاڵوك و سماق و چنارو هەنار و هەنجیر و کەستانە(غەفور:٢٠٠٥، ١٣٣_١٣٤)، و دار بەڕوو ئێستاکە باوترین دارە لە پاشماوەی دارستانی زاگرۆسدا، و میوەی کێویلە وەك توترك و ترێ و توو و هەرمێ و شاتوو و توەڕەش و گوێز و فستق و بادەم و هی تر...(ئیزەدی:٢٠٠٧، ٥٧). بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ لە کوردستان کشتوکاڵ و ئاژەلی مالی کرد، بۆ بە دەستهێنانی لە وەرگای تازە و زەویی کشتوکاڵی ئەوە بووە هۆی کەم بوونەوەی دارستانەکان بە تایبەتیش بە خێوکردنی ئاژەل، بە تایبەتی مەر و بزن نەمامەکان لەبنڕا هەڵدەکەنن و چیتر شین نابنەوە(ڤیلچێڤسکی :٢٠١٦، ٧٢). لە سەرەتای هەزارەی هەشتەمی پێش زایینی بەڕوو بەشێکی سەرەکی خواردنی گوندەنشینەکانی ناوچەی موری بیت لە نزیك باکووری ئەبو هەریرە پێکهێناوە، کە ئەمرۆ ئەم درەختە لەو ناوچەیە بەهیچ شێوەیەك ناچێنرێت و سەوزش نابێت(مەجیدزادە:٢٠١٢، ١،٥٣)، زۆری دارەکان بە تایبەتی داری بەڕوو لە ناوچەکانی سەرووی فورات یارمەتی دانیشتوانەکەی داوە لە دەرهێنانی دەرمان و بۆیەی سور لە بەڕووی کرمی و بەڕووی سور، ولە دەقێکی ئاشوری ئاماژە بە٤٩_٣٠٠داری بەڕوودەکات لە لە ناوچەی حەڕڕان(المحمدي :٢٠١٦، ٤١١). لە لێوارەکانی زاگرۆس و توروس داری جۆراوجۆر هەیە وەکو بادەم و گوێز فستەق و فندق و بەڕوو و ڕەزی خۆرسکە کێویەکانیش سەرچاوەیەکی گرینگی میوەن بۆ دانیشتوان(ئیزەدی: ٢٠٠٧، ٥٠٨). هەرێمەکانی ڕووکی خۆرسك لە کوردستان لە چەند هەرێمێك پێك دێن وەکو هەرێمی دارستان ئەم هەرێمە لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی دایە، دەکەویتە چوار چێوەی ناوچەی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست، لەم هەرێمدا داری جۆرا و جۆرر دەڕوێت، بەڵام پلەی چڕیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە ئەو شوێنانەی ڕوویان لە بای دەریای ناوەڕاستە لە چاو شوێنکانی تردا، ئەوا داریان زیاتر لێ دەڕوێت(قارەمان:١٩٩٨، ٨٩)، هەرێمی کوێستانی(ئەلبی)ئەم هەرێمە لە شوینە بەرزەکانی چیاکاندا هەڵکوتووە، لەم شوێنەدا هەندی گیا و دەوەنی قەد باریك دەڕۆێن، بەڵام دار ناروێ، چونکە ناوچەکە زۆر سارده و بە درێژای ساڵ بەفری لێیە(غەفور:٢٠٠٥، ١٣٦). و هەرێمی دوڵ و کەنار ڕووبارەکان ئەم دارستانە لە دەم چوم و کەنار ڕووبار و دوڵی ناوچە شاخاوییەکان لە بەرزی ٦٠٠_١٥٠٠مەتر لە ئاستی دەریا دەروێن، دارەکانی وەکو داری بی و داری چنارو داری سبیندار و سورە جنار و گوێز و تو و هەنجیری کێوی و سێوی کێوی...هتد دەبینرێ، ئاو هەواکەی دەریای ناوەڕاستە(کاتب:١٩٩٨، ١١٦). و هەرێمی ئێستبس ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی گشتی، لە باشووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای کوردستاندا هەڵ کەوتووە ڕووکەکانی بەزۆری لە هەندێ گیا و گۆڵ و ڕووەکی پیازی و حوشتر خۆر پێك هاتوون(غەفور: ٢٠٠٥، ١٣٧). هەرێمی ڕووکی بیابان بۆیە پێیدەوترێت چونکە ڕووەکەکانی ئەم هەرێمە لە ڕووەکەکانی بیابان دەچن چونکە خۆیان بۆ وەرزی ووشکی ڕاهێناوە، هەندێ ڕووەکی بیابانی ووشك و درەختی دڕکاوی بە تەمەنیان تێدا بەدی دەکرێن، دەکەوێتە هەردوو هێلی باران ٢٠٠_٣٠٠ملم گرنگترین ڕووەکان، نەسرین دەمە شێر(قارەمان :١٩٩٨، ٨٩). هەموو ئەو دارو دەونە بۆتە بەرهەم بژێوی گەلانی دانیشتوانی کوردستانی کۆن ئاژەڵەکانیان، هەر ئەم خێرو بێرەش بووە بەهۆی چاوتێبرانی بێگانەکان(بۆسکێنی:٢٠١٩، ٧٧).

## ئەنجامەکان

١- کوردستان بە کۆنترین مەڵبەندی ماڵی کردنی کشتوکاڵ لە جیهاندا دادەنرێت، بەتایبەتی کشتوکاڵ کردنی دانەوێڵە وەك گەنم و جۆ...هتد.
٢- کشتوکاڵ لە سەرەتادا لە ناوچەکانی کوردستان پشتی بە ئاوی باران دەبەست لە چاندنی زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، وهەتا ئێستاش ئەم شێوازە پەیڕەو دەکرێت لە کوردستان بۆ چاندنی بەروبوومی دانەوێڵە بەتایبەتی گەنم و جۆ.
٣- چاندن هەر لە چاخکانی پێش زایینی زیاتر بەروبوومی گەنم و جۆ لە پێشەوەی بەروبوومەکانی تر بوون چونکە پێداویستیەکی سەرەکی مرۆڤ بوو وەك خۆراك.
٤- لە کوردستان جۆرەها زەوی هەبوو وەکو زەوی بۆ بەروبوومی جۆرەکانی دانەوێڵە، زەوی بۆ باخ، کە تایبەت دەکرا بۆ چاندنی دار و سەوزە، و زەوی بۆ ڕووکی سروشتی و گژ و گیا.

٥- كشـــتوكاڵ لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی بە تایبەتی زۆربەی كوردســتان لە ژێر دەســەڵاتی خوری- میتانی بوو، زۆربەی ناوچەكانی كوردســتان چاندنی بەروبوومی هەمە جۆری تێدا دەكرا.

٦-كاشـیەكان لە ناوچەكانی بابل و گوتییەكان و لوللوبییەكان لە رۆژهەڵات و باكووری رۆژهەڵات واتا دەشــتەكانی شــارەزووروتا ناوچەكانی باشــووری دەریاچەی ورمێ، رۆڵیان هەبوو لە چاندنی بەروبوومی كشتوكاڵی بە تایبەتی گەنم وجۆ.

٧- لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایینی وەكو گەنم وجۆ وكونجی و هەرزن و زیتون بە شێوەیەكی فراوان لە ناوچەكانی ئەرابخا و نوزی و خانی ماسی سێگوشەی خابوور چێنراوە.

٨. هەرچەندە دەقەكان بەشی زۆری لە ناوچەكانی خوری میتانی دۆزراونەتەوە، بەلام لەم ناوچانە وەك نوزی بۆ نمونە زمانی ئەكەدی بەكارهێنراوە.

## لیستی سەرچاوەكان

ئیسماعیل، ئەحمەدجەلیل و كوخاصادق، محەمەدزاهیر:(٢٠٢٠)، جوگرافیای كشتوكاڵ،چوارچرا، سلێمانی.

ئەحمەد، كۆزادمحەمەد:(٢٠٠٨)، كوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەكەمی هەزارەی دووەمی پ.زدا، چ٢، بنكەی ژین، شڤان، سلیمانی.

ئیزەدی، مهیرداد:(٢٠٠٧)، چەردە باسێك لە بارەی كوردانەوە، سەردەم، سلیمانی .

بۆسكێنی، رسول:(٢٠١٩)، شانشینی زاگرۆس(كوردستان)،حەمدی، سلیمانی .

بریدوود، رۆبەرتجێ ی و هاو، بروس:( ٢٠٠٥)، لێكۆڵینەوەكانی پێش مێژوو لە كوردستانی عێراقدا، و: ئاسۆس محەمەد مەلاقادر، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

عەولا، بەختیارقاسم:(٢٠١٧)، شارستانییەتی سەردەمی میتانی(١٥٠٠-١٢٦٥پ. ز)ماستەرنامە، زانكۆی سۆران.

عومەر، محمد عبدوڵلا:(١٩٨٨)، كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی كوردستان، لە: جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق. كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، و: سەنتەری برایەتی،وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

غەفور، عبدللە:(٢٠٠٥)، جوگرافیای كوردستان،چاپی ٤، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

كوێخاجەلال، كامەران:(٢٠٠٨)،مێژووی كۆنی كەركوك،دەزگای موكریانی/ خانی،هەولێر.

كاتب، جزا توفیق:(١٩٩٨)،رووەكی كوردستان، لە: جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق. كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، و: سەنتەری برایەتی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

قارەمان، لەیلامحەمەد:(١٩٩٨)، خاكی هەرێمی كوردستان، لە: جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق. كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، و: سەنتەری برایەتی،وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ڤیلهێلم، گێرنۆت:(٢٠٠٩)شارستانییەتی خورییەكان، و: ئارام جەلال هەمەوەندی، دەزگای موكریانی/خانی، دهۆك .

ڤیلچێڤسكی، ئو. ل. :(٢٠١٦)، نەژادی كورد، و: رەشادمیران، رۆژهەڵات، هەولێر.

قەرەداغی، رافیدەعەبدولا:(٢٠٢١)، قۆناغی چەرموو لە كوردستان، لە:چەرمووكۆنترین گوندی كشتوكاڵی و نیشتەجێبوون، ئا: پێشەوا شێخ رەئووف و هاوڕێ لەتیف، چ٢، حەمدی، سلێمانی.

وهاب، ئومێدخەتاب:(٢٠٢١)، گوندی چەرمووی نزیك چەمچەماڵ وەك گوندی كشتوكاڵی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە: چەرمووكۆنترین گوندی كشتوكاڵی و نیشتەجێبوون، ئا: پێشەوا شێخ رەئووف و هاوڕێ لەتیف، چ٢،حەمدی، سلێمانی.

وێلفرێد و ڤانسۆلد،هـ و ئەحمەد، كۆزادمحەمەد و هێنس، كریستیان و پاپی، چینیزیا و ڤۆسینك:(٢٠١٣)، ساتوقەلارایۆرتێكی سەرەتایی دەربارەی كنەوپشكنینی شوێنواری وەرزەكانی ساڵانی ٢٠١٠_٢٠١١، و: دلشاد عزیزمارف،گۆڤاری سوبارتو، ٧/٦، هەولێر.

مەجیدزادە، یوسف: (٢٠١٢)، مێژووی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا مێژووی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی، و: سەمیرحسێن، ب٣، گەنج، سلیمانی.

معروف،كمال نوری :(٢٠٢١)، نووسراوەكەی سەرجۆنی ئاشووری لە تەنگی ڤەری پاریزگای كوردستان(سنە)،تاران، سلیمانی.

هەراری، یوڤال نوح:(٢٠٢٠)، هۆشمەندەكان، و: كارزان كاوسێن، چ٢،گەنج، سلیمانی.

الأحمد، سامي سعيد:(١٩٨٥)، الزراعة والري، حضارة العراق، نخبة من الباحثينالعراقيين، ج٢، دار الجيل، بيروت.

الاحمد، سامي سعيد:(١٩٩١)، الزراعة في العصور التاريخية، من: موسوعة المهوصلالحضارية، المجلد الاول، دار الكتب، جامعة الموصل.

احمد، سهيلة مجيد:(٢٠٢٠)، صناعة الاغذية في العصور العراقيةالقديمة، دار غيداء، عمان.

ابن حوقل،ابي القاسم بن حوقل النصيبي:( ١٩٩٢)، صورة الارض، دار مكتبة الحياة،بيروت.

اسماعيل، خالد سالم و حسين، هيثم احمد:(٢٠١٠)، فؤول الزراعة والاشجارو النباتات وفؤول القنوات والابار فيالعصر البابلي(القديم و الوسيط و الحديث)، مجلة سر من رأ ى، المجلد ٦ العدد ٢١، كليةالتربية، جامعة سامراء.

باقر، طه:(١٩٨٠)، من تراثنا اللغوي القديم ما يسمى في العربيةبالدخيل، بغداد.التأريخ، جامعة بغداد، بغداد.

بركات، مروان:( ٢٠٠٨)،عفرين عبر العصور، دار عبدالمنعم، سوريا.

الجادر، وليد:(١٩٨٨)، التجمعات الزراعيةالأولى، المدينةو الحياةالمدينة، نخبة من أساتذة التاريخ، ج١، بغداد.

جواد، مصطفى و سوسة، احمد:(١٩٥٨)، دليل خارطة بغداد المفصل في خطط بغداد قديما و حديثا، المجمع العلمي العراقي، بغداد.

رشيد، فوزي:(١٩٧٦)، دراسة الاولية لتمثال الباسطكي، مجلة سومر، المجلد٣٢، ج١_٢.،مديرية الاثار العامة، بغداد.

الدباغ، تقي:(١٩٨٥)، الثورة الزراعية و القرى الاول، حضارة العراق، مجموعة من المؤلفين، دار الجيل،بيروت.

الدفاعي، زينب فاضل علي: (٢٠٢٢)، البساتين في حضارة بلاد الرافدين، رسالة الماجستير، جامعة بغداد.

ديجورج، جيرار:(٢٠٠٥)، دمشق من عصور ماقبل التأريخ الى الدولة المملوكة، تر:محمد رفعت عواد، المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة.

الزبيدي، مها حسن رشيد:(٢٠١٠)، الحياةالاقتصادية في العصر البابلي الوسيط(الفترة الكشية)، اطروحة الدكتوراه، كليةالأداب جامعة بغداد .

الذنون، عبدالحكيم:(١٩٩٩)، تاريخ الشام القديم، دار الشام القديمة، دمشق.

سليم، احمد امين:(١٩٨٨)، ايران منذ اقدم العصور حتى اواسطالالف الثالث قبل الميلاد، دار النهضة العربية، بيروت.

سوسة، احمد:(١٩٨٦)، تاريخ حضارة وادي الرافدين، ج٢، دار الحرية للطباعة، بغداد.

ستيل، فليب:(٢٠٢٠)، العراق القديم، تر:عبدالسلام صبحي طه، دار الرافدين، لبنان .

ظاهر، عشتار سمير: (٢٠١١)، نبات الكتان في المصادر المسارية، مجلة الاداب، عدد٩٨، جامعة بغداد .

القرەداغي، رافدة عبدالله عبدالصمد:( ٢٠٠٨)، كردستان العراق في التاريخالقديم من ضوء الصادر المسارية من الالف الثالث ق. م حتى ٦١٢ق. م، أطروحة دكتوراة، جامعة السليمانية .

الماجدي، خزعل:(٢٠١٧)، عراق ما قبل التاريخ،دارالرافدين، لوبنان.

المحمدي، زيادعويدسويدان: (٢٠١٦)، التطوراتالسياسية و الاقتصادية في أعالي الفرات ما بين ٢٠٠٠-٦١٢ق. م، دار دجلة،الاردن .

هارون،علي احمد:(٢٠٠٠)، جغرافية الزراعة،دارالفكر العربي، القاهرة.

وهد، جاسم شهد:(٢٠٠٨)، الزراعة خلال العصر البابلي القديم(٢٠٠٤_١٥٩٥ق.م)، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد الحادي عشر : العدد ٣، جامعة قادسية.

عبدكسار، اكرم محمد:( ١٩٨٧-١٩٨٨)، مظاهر الحياةالاجتماعيةوالاقتصادية في العراق القديم،،مجلة سومر، المجلد٤٥، ج١_٢، مديرية الاثار العامة، بغداد.

النجم، حسينيوسف حازم:( ٢٠١٠)، علاقات منطقة الموصل التجارية مع مناطق الشرق الادنيالقديمة في العصور الحجرية، دراسات الموصلية العدد الثامن و العشرون، جامعة موصل.

يانكوفسكا:(١٩٨٦)، المجتمع العائلي الموسع والحكم الذاتي في(ارابخا)، العراق القديم دراسة تحليليةوالاقتصاديةوالاجتماعية، جماعة من علماء الآثار السوفيت، تر: سليم طه التكريتي، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق عربية،بغداد،.

يونس، اياد عبدالله:(٢٠٠٠)، الحياةالأقتصادية في اوغاريت في القرنين الرابع عشر و الثالث عشر.ق.م، رسالة ماجستير، كليةالاداب والعلوم الانسانية، جامعة دمشق.

## پەراوێزەكان

[1] . گەنمی EMMERبەیەكەم بەرهەمی دانەوێڵە دادەنرێت كە ماڵیكراوە، وگوڵی گەنمەكەیان دووپەڕیان چوارپەڕ یان شەش پەڕی هەبووە(الجادر: ١٩٨٨، ٦٠-٦١).

[2] . گەنمی(Enkorn) كە كێویەكەی دووپەڕە، بەڵام ماڵیكراوەكەی شەش پەڕە(الجادر: ١٩٨٨، ٦١).

[3] .كاراجەداك بە نزیكەی ٣٠ كم لەگۆیێكلی تەپەوە دورو واتەنزیك ئورفەی ئێستا(هەراری:٢٠٢٠، ١٣٠).

[4] . شاری ئیدو(گردی ساتوقەڵا) دەكەوێتە كەناری باكووری رووباری زێی خواروو، نزیكەی ٤٠ كم لەخوارووی ڕێژگەی دەریاچەی دوكانە، نزیك شارۆچكەی تەقتەق وقەزایی كۆیە. بەنزیكەی ٧٠كملەباشووری رۆژهەڵاتی هەولێر و٥٠ كم لە باكووری رۆژهەڵاتی كەركوك (دێلفریدو ڤانسۆلد و ئەحمەد و هێس وپاپی و ڤۆسینك:٢٠١٣، ٤_٨).

[5] . ئەشنەككۆم دەكەوێتە ناوچەی سێگۆشەی خابور(ڤیلهێلم: ٢٠٠٩، ٤١).

[6] . بوروند و موئێلاخەت دەكەونەسەرووی ناوچەكانی سێگۆشەی خابوور، لەلای باكووری رۆژئاوایەوە(ڤیلهێلم: ٢٠٠٨، ٤٦).

[7] . نوصیبین، روها، قرقیسیا لە هەندێ سەرچاوە ئەو ناوچانە بە جەزیرەی سەروو ناودەبرێن(عەولا ٢٠١٧: ٣٢).

[8] . حەڕران شارێكی كۆنە و تائێستاش بە ناوەكۆنەكەی بەناوبانگە، دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی وڵاتی نێوان دوو رووبار لەنزیك سنووری سوریا و توركیا لەسەر سەرچاوەكانی رووباری بەلیخ كەیەكێكە لە لقەكانی رووباری فوراتی سەروو، بەدووری ٤٠كم لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری ئورفەیە(سوسة:١٩٨٦، ٣٧٤) ووشەی حەڕران لەتۆمارە ئەكەدیەكان بەخەررانو(حەڕرانو) وەرگیراوەكە بەواتای رێگاو بە تایبەتی رێگای كاراوان، بە شاری حەڕران وتراوە شاری كاروانەكان، بەهێنای سومەری پێیوتراوە كاسكال(Kaskal)(باقر:١٩٨٠، ٨٧).

[9] . ئوورشوم دەكەوێتە باكووری شاری حەلەب، لە نامەكانی شاری ماری دا ئاماژە بەناوی شینەم دەكات و دەڵێت پاشای شاری ئوورشوم بووە(ڤیلهێلم:٢٠٠٨، ٤٦).

[10] . خەششوم دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای حەلەب. لە نامەكانی ماری دا ئاماژە بەناوی ئانیش_خوربی دەكات دەڵێت پاشای خەششوم بووە(ڤیلهێلم:٢٠٠٨، ٤٦).

[11] . خانی ماسی بەواتای بەهاری ماسییەكان دێت. كە دەكەوێتە لێواری رووباری دیالە- سیروانی سەروو، ناسراوە بە دێی خانی ماسی زیاتر لە دەیان تەپۆلكە پێكهاتووە كە بە درێژایی لە سەرووی رووباری دیالە/سیروانەوە كۆبوونەتەوە. لەساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٩، پرۆژەی هەرێمی سیروان دەستی بەبەرنامەیەكی لێكۆڵینەوەی شوێنەواری كرد كە تیایدا گرنگی بە هەڵكەندنی بەرفراوان لەتەپۆلكەی ەكێنزم وفراوانكرد، كە پێوانەكەی پێنج هێكتار بوو، تەنها لەماوەی ناوەڕاست تاكۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایین خانی ماسی دەردەكەوێت كە پەیوەندییەكی كولتووری و ئابووری نزیكیان لە گەڵ بابلی كاششییەكان هەیە، كە ناوەندەكەی لە باشووری میزۆپۆتامیا دایە. هەڵكۆڵینەكان زنجیرەیەك ئەڵقەی گەورەی بیناسازییان ئاشكراكردووە، كە قۆناغی سەرەتایی مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیكەی ساڵی ١٤٥٠ پێش زایین(Laugier&Casana& Cabanes:2022, 2

[12] . تەمرخان دەكەوێتە باكووری شاری مەندلی(شهمیرزادی: ٢٠٠٧، ١١١).

[13] .كانی سوربە دووری ١میل دەكەوێتە باشووری چەرموو(بریدودهاو:٢٠٠٥، ٥٨).

[14] . خورنەمك بە دوری ٧كم دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ(بریدودهاو:٢٠٠٥، ٥٨).

[15] . خرابەقەرەچوار دەكەوێتە سەر قەراغی توق چای سەروو، ئەمشوێنە تەپۆلكەیەكە لەسەر گردێكی زۆرگاوی، كە نزیكەی ١/٥ میل و لە خوارووی گوندی قەرەچوارەو ٢٨میل لە باشووری رۆژئاوای چەرموویە(بریدودهاو:٢٠٠٥، ٥٨).

[16] . ئەفسانەی سومەری لەو ئەفسانیە هاتووە كە دوو خواوەند كە برا بوین جۆیان لەچیاكانی كوردستانەوە هێناوتە ناوچەكانی سومەر كە خواوەند ئینلیل لە كۆگای داناوە دواتر چێنراوە(الاحمد:١٩٨٥، ١٦٣).

[17] . ئەرپچیە ناوێكی توركیە بە واتای پیاوانی جۆ. ئەم ناوچەیە لە ناوخۆدا بە ناوی تەپەرەشوە( tape Rashwa ) بەنزیكەی ٨كم دووره لە باكووری رۆژهەڵاتی نەینەوای پایتەختی ئاشور، كە پێكهاتووە لە گردێكی بچووك، دەوروبەری بنكەكەی ٦٧مەترە و بەرزیەكەی نزیكەی ٥٥ مەترە لە چاو زەوییەكانی دەوروبەری. لەلایەن تومپسون(Thompson)،لە ساڵی ١٩٢٨ ئەم شوێنە دۆزرایەوە، لەساڵی ١٩٣٣ لەلایەن مالوان(Mallowen)، هەڵكۆڵینی بۆ كراوە، دواتر لەلایەن ئیسماعیل حجارە لە ساڵی ١٩٧٦ هەڵكۆڵینی بۆ كردووە(عبدكسار:١٩٨٧-١٩٨٨، ٢٤٥).

[18] . هەنجیر لە دەقە مێخییەكان بەم شێوە هاتووەب هزمانی ئەكەدی پێیوەتراوە تیتو(Tittu) وبەزمانی عبری تینتا وبەزمانی ئارامی تینا(باقر:١٩٨٠، ٨١-٨٢). هەنجیر لە شوێنەوارەكانی پێش مێژووی زوو(مبكر) دۆزراوەتەوە،بەڵام ماڵیكردنی دەگەڕێتەوەبۆچاخی كانزایی(Reihl:2014, 7).

[19] . ترێ كێوی بەدرێژایی دمێنی خوارەوەی چیاكانی توروس لە نێوان كوردستانی توركیا كوردستانی سوریا بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە سەرەتاییترین دۆزینەوەكانی ترێ دەگەڕێتەوەبۆسەردەمی بەردینە نوێیەكان، بەڵام ماڵیكردنی لە كەوانەی بەپیتدا لە مێژەوا دادەنرێت كە لە سەردەمی سەرەتای برۆنزیدا روویداوە(Reihl:2014,7)، یەكێكە لەبەروبوومە میوەجاتە گرنگەكانی ناوچە مامناوەندەكانە و زۆربڵاوە( ٠ئیسماعیلوكوخاصادق: ٢٠٢٠، ٢٦١).

[20] . سێو یەكێكە لەبەروبوومە میوەجاتە گرنگەكانی ناوچە ساردەكان، مێژووی ناسینی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠-٦٠٠٠ساڵ پێش زایین، نیشتمانی رەسەنی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست بە تایبەتی وڵاتی كازەخستان(ئیسماعیلوكوخاصادق: ٢٠٢٠، ٢٦٥).

[21] . دەقەكان بریتین لە دەقیPru.111.15.122 كە باسی كەشتیاری كێڵگەی زەیتون و ترێ دەكا.ودەقیPru.111.15.118كە باسی دارستانی بەروو و ترێ دەكات و دەقیPru.Y1.31باسی ترێ و كێڵگەی زەیتون و باخچە دەكات و دەقی Pru.111,16,204كە چاندنی خورمامان پێ ئاشنا دەكات لەگەڵ زەیتون وترێ(یونس:٢٠٠٠، ٨٥).

[22] . گردی حرمل دەكەوێتە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی بەغدادی ئێستا، ساڵی ١٩٤٧لەلایەن فەرمانگەی شوێنەواری عێراق كنەوپشكنینی بۆكراوە، ئەنجامی ئەو كنەوپشكنینە دۆزینەوەی دووتابلوی قۆرین بوو كە ئەوانیش ماددەكانی یاساكەی ئەشنونا بوو كە بە زمانی بابلی نوسرابوون(جوادوسوسة: ١٩٥٨، ٣٧)

[23] . پەیكەری باستكی پەیكەرێكە كە لە برونز دروستكراوە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەرامسین(٢٢٦٠_٢٢٢٣پ.ز) لە برینی رێگای نێوان گوندی باستكی و گڵی ئەم پیكەرە دۆزراوەتەوە، كە گوندی باستكی دەكەوێتەقەزایی زاخۆ، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن نجم كریم دعیم و ئورهاجرجیس میخا ئەم پیكەرە پێشكەشی مۆزەخانەی عێراق كرا(رشید:١٩٧٦، ٤٩).